# یەکەم ڕاپۆرتی
# بەرنامەی بەدواداچوونی
# دادگاییەکان

## دۆسیە گەورەکانی گەندەڵی
## هەرێمی کوردستانی عێراق

تشرینی دووەمی 2022 - کانوونی یەکەمی 2023



یەکەم ڕاپۆرتی بەرنامەی بەدواداچوونی دادگاییەکان (هەرێمی کوردستانی عێراق) بەرهەمی بەرنامەی بەدواداچوونی دادگاییەکانە کە بریتییە لە دەرئەنجامی هاوکاری نێوان دەستپێشخەریی ناوبژیوانی و دژە گەندەڵی (ACAI) ی پرۆگرامی گەشەپێدانی نەتەوە یەکگرتووەکان UNDP، نێردەی هاوکاریی نەتەوە یەکگتووەکان لە عێراق (UNAMI)، ئۆفیسی مافەکانی مرۆڤ و ئەنجوومەنی دادوەریی هەرێمی کوردستانی عێراق (KRI-JC)ە- بە سنگفراوانییەوە لەلایەن یەکێتی ئەورووپاوە بەخشینە داراییەکەی دابین کراوە. بەرنامەی بەدواداچوونی دادگاییکردنەکان تیشک دەخاتە سەر بەدواداچوون بۆ دۆسیە گەورەکانی گەندەڵی لە سەرانسەری سیستەمی دادوەری لە هەرێمی کوردستانی عێراق و سەرنج دەخاتە سەر دادگاکانی تاوان لە هەولێر و هۆک و سلێمانی. بەرنامەکە ڕێکار و پراوەی دادوەری، پیادە کردنی بڕگە یاساییەکان، و دەرەنجامی دادگاییەکان هەڵدەسەنگێنێت - و ڕاسپاردە بۆ بەرەو پێشبردنی چاکسازییەکانی دژە گەندەڵی پێشکەش دەکات.

لە نێوان تشرینی دووەمی2022 تا کانوونی یەکەمی 2023، تیمی بەرنامەکە بەدواداچوونیان بۆ کۆی گشتی 100 کەیس کردووە. دەرەنجامی ئەم کەیسانە لەگەڵ لێکۆڵینەوەی 50 بڕیاری دادوەریی کە کە لە نێوان ساڵانی 2016 بۆ 2022 دەرچوون، بەراورد کراون.


Funded by the European Union
بتمويل من الاتحاد الأوروبي

Judicial Council

UNDP

# تەرکیزی بەرنامە و ڕاپۆرت

دادگاکانی تاوان لە هەولێر و دەهۆک و سلێمانی

**بابەت: دۆسیە گەورەکانی گەندەڵی**

کەیسی پەیوەست بە بەرژەوەندی گشتی و/یان دژی هەواڵدەران

کەیسی پەیوەست بە تۆمەتبارانی پلە باڵا


کەیسی پەیوەست بە پارەی زۆر

# ئەنجامگیرییە سەرەکییەکان

## 1. کەیسەکانی گەندەڵی لە سەرانسەری هەرێمی کوردستانی عێراق

کەیسەکان بەپێی پارێزگا






**ئەمانە لەخۆدەگرێت:**

- لە تشرینی دووەمی 2022 تا کانوونی یەکەمی 2023: 100 کەیسی چاودێریکراو
- 2016 تا 2022 : 50 بڕیاری دادوەریی چاوپێداخشێنراوە

## 2. ئەو کەرتە حکومیانـەی کە بەرکەوتەی گەندەڵین

| کەرتەکان | چاودێریکراو | پێداچوونەوە بۆ کراوە | کۆی حاڵەتەکان |
|---|---|---|---|
| وەزارەتی دارایی | 26 | 11 | 37 |
| وەزارەتی کارەبا | 11 | 16 | 27 |
| وەزارەتی شارەوانی | 18 | 8 | 26 |
| وەزارەتی پەروەردە | 7 | 6 | 13 |
| وەزارەتی ناوخۆ | 7 | 5 | 12 |
| وەزارەتی تەندروستی | 8 | 0 | 8 |
| وەزارەتی خوێندنی باڵا | 4 | 0 | 4 |
| ئەنجومەنی پارێزگا / نوسینگە | 3 | 0 | 3 |
| وەزارەتی بازرگانی | 1 | 2 | 3 |
| ئەنجومەنی وەزیران / بەڕێوەبەرایەتی ڕیکخراوکانی ناحکومی | 2 | 0 | 2 |
| وەزارەتی هونەر و ڕۆشنبیری | 2 | 0 | 2 |
| وەزارەتی کار و کارو باری کۆمەڵایەتی | 2 | 0 | 2 |
| وەزارەتی کۆچ و کۆچبەران | 2 | 0 | 2 |
| وەزارەتی پێشمەرگە | 2 | 0 | 2 |
| وەزارەتی بەرگری | 1 | 1 | 2 |
| دە ستە ی وە بە رهێنان | 0 | 1 | 1 |
| وەزارەتی کشتوکاڵ | 1 | 0 | 1 |
| وەزارەتی ئاوەدانکردنەوە و نیشتەجێکردن | 1 | 0 | 1 |
| وەزارەتی پیشەسازی و کانزاکان | 1 | 0 | 1 |
| وەزارەتی نەوت وسامانە سروشتیە کان | 1 | 0 | 1 |
| کۆی گشتی | 100 | 50 | 150 |


### ئەو کەرتانەی زۆرترین زیانی گەندەڵییان بەرکەوتووە

25%
ی حاڵەتەکان
وەزارەتی دارایی

18%
ی حاڵەتەکان
وەزارەتی کارەبا

17%
ی حاڵەتەکان
وەزارەتی شارەوانی

# 3. دەرەنجامەکانی دادگایی: حوکمدان، ئەستۆپاکی و گەڕانەوە بـۆ لێکۆڵینەوەی پێش دادگایی




## کەیسی چاودێریکراو

کەیسی بەردەوام

45 کەیس

دابەشکردنی یەکسان لە نێوان ئەو دۆسیانەی دادگاییکردنیان تەواو بووە ئەوانەی کە هێشتا چاوەڕوانی دادگاییکردنن (45% بۆ 46%).

## ئەو کەیسانەی کە هێشتا لە ژێر چاودێریدان

حوکمی تاوان
26 کەیس (47%)

بێتاوان دەرچوون
20 کەیس (36%)

گەڕاوە بۆ دادوەری لێکۆڵینەوە
8 کەیس

گواسترایەوە بۆ دادگای کەتن
1 کەیس

زیادبوونی ڕێژەیی لە ژمارەی تۆمەتبارەکان بە بەراورد بە بێتاوانەکان (20 بۆ 26) و کەمبوونەوە بە بەراورد بە سزاکانی پێداچوونەوە.


ژمارەی حاڵەتەکان کە زیاتر لێکۆڵینەوەی دووبارەیان بۆ کراوە (8 لە 100 حاڵەت لە بەدواداچوون بە بەراورد بە سفر لە پێداچوونەوە).

## ئەو کەیسانەی پێداچوونەوەیان بۆ کراوە

بە تاوان حوکم دراون
33 کەیس (66%)

بێتاوان
17 کەیس (34%)

# 4. نەبوونـی تۆمەتباری پلە باڵا




## پرۆفایلی تۆمەتبار لە کەیسەکانی گەندەڵی

لە کۆی 150 کەیسەکە، 150 تۆمەتبار هەبوون

کۆی کەیسە شیکارکراوەکان

**150**

کۆی گشتی تۆمەتباران

**257**

## دابەشبوونی تۆمەتباران

تاڕادەیەکی کەم بەرپرسانی ئاستی باڵای حکومی تۆمەتبار بوون (بەڕێوەبەران، سەرۆکی فەرمانگەکان)، و هیچیان تۆمەتباری ئاستی زۆر باڵا نەبوون (وەزیر/ جێگری وەزیر و هتد).

بەرپرسانی ئاستی باڵای حکومی

## فەرمانبەرانی پلە نزمی حکومەت

کەیسە چاودێریکراوەکان

**52%**

کەیسە چاوپێداخشێنراوەکان

**49%**

ژمارەی فەرمانبەرانی حکومیی 'پلە نزم' ی52% ی تۆمەتبارانیان لە کەیسە چاودێریکراوەکان و ی49% ی تۆمەتبارانیان لە کەیسە چاوپێداخشێنراوەکان پێکهێنا.

# 5. پشـت بەستن بە هەندێک بڕگەی یاسایی

## کەیسەکان بە پێی مادەی یاسایی




### دۆسیەکانی بەدواداچوون

زیادبوونی تاوانە قورسەکانی پەیوەست بە زیانگەیاندن بە ئەنقەست بەهۆی خراپ بەکارهێنانی پۆستی گشتیەوە بووە، لە 7 حاڵەت بۆ 44 حاڵەت بەرزبووەتەوە. سەرەڕای ئەوەش، تاوانەکانی جێهێشتنی ئەرکی گشتی وەک تاوانی گەورە بەپێی مادەی 340 لێپێچینەوەیان لەگەڵدا کراوە، بە پێچەوانەی پراکتیزەکردنی ئەو کارە لەسەر ئاستی فیدراڵی.

**مادەی 340ی یاسای سزادان (تاوانی قورس)**

**44** کەیس

زیانگەیاندنی ئەنقەست بە موڵک و ماڵی یان بەرژەوەندی دامەزراوە گشتییەکان و پێشێلکردنی ئەنقەستی ئەرکی

### تۆمەتە گەورەکانی تر (کەیسە چاودێریکراوەکان)

ژمارەی تاوانەکانی بەرتیلدان بە جێگیری ماوەتەوە، لەکاتێکدا تاوانەکانی گەندەڵی کەمیکردووە.

**16** کەیس — دەوڵەمەندبوونی نایاسایی (مادەی 315)

**15** کەیس — بەرتیل (مادەی 307)

**10** کەیس — خراپ بەکارهێنانی پۆست بۆ بەرژەوەندی کەسی (مادەی 316)

### کەیسە چاوپێداخشێنراوەکان

| دەوڵەمەندبوونی نایاسایی (مادەی 315) | بەرتیل (مادەی 307) | خراپ بەکارهێنانی دەسەڵاتی فەرمی (مادەی 340) |
|---|---|---|
| 18 کەیس | 11 کەیس | 7 کەیس |

# 6. ڕێوشوێنە دادگاییە درێژخایەنەکان

## بەراوردکردنی درێژخایەنی

ڕێکارەکانی دادگاییکردن بۆ تاوانەکانی گەندەڵی لە هەرێمی کوردستانی عێراق بە گشتی زۆر زیاترن لەوانەی کە دادگای ناوەندیی تاوانەکانی دژە گەندەڵی لە عێراقی فیدراڵیدا پیادە دەکرێن.

## ئاماری درێژی ماوەی دادگاییەکان

**زۆربەی دانیشتنەکان**


**55%**

لەماوەی 5 دانیشتندا یان کەمتر تەواو بوون

**درێژترین ماوەی دادگایی**

**24** دانیشتن

### ژمارەی دانیشتنەکان لە کەیسە چاودێریکراوەکاندا



## 7. کەمبوونـەوەی دادگاییکردن لە غیابیدا


**10%**
(10 لە کۆی 100 کەیس)
کەیسە چاودێریکراوەکان

→

**20%**
(10 لە کۆی 50 کەیس)
کەیسە چاوپێداخشێنراوەکان


کێشەکانی بەدواداچوون بە بەراورد بە ئاستی فیدراڵی بە شێوەیەکی بەرچاو جیاوازن.

**کەیسە چاوپێداخشێنراوەکان**




بێ ئامادەبوون — بە ئامادەبوون

**کەیسە چاودێریکراوەکان**





بێ ئامادەبوون — بە ئامادەبوون

## 8. بەکارهێنانی بەردەوامی شـێوازی یارمەتی یاسایی


داتاکان دەریانخستووە کە 28%ی هەردوو کەیسەکانی چاودێریکراو و پێداچوونەوە بۆکراو پارێزەریان هەبووە کە لەلایەن دادگاوە دەستنیشانکراون، ئەمەش جیاوازە لەوەی کە لەسەر ئاستی فیدراڵی ڕوودەدات.

**کەیسە چاوپێداخشێنراوەکان**




پارێزەری دەستنیشانکراو — پارێزەری تایبەت

**کەیسە چاودێریکراوەکان**





پارێزەری دەستنیشانکراو — پارێزەری تایبەت

**28%**
(28 لە کۆی 100 دۆسیە)
کەیسە چاودێریکراوەکان

→

**28%**
(14 لە کۆی 50 دۆسیە)
کەیسە چاوپێداخشێنراوەکان

## .9 نوێنەرانی یاسایی و داواکانی قەرەبوو




ئامادەبوونی نوێنەرانی یاسایی و ژمارەی داواکارییەکان بۆ قەرەبووکردنەوە زیادی کردووە. بەڵام هێشتا هەندێک داواکاری دەکێشرێنەوە و هێشتا حاڵەتی ئامادەنەبوون هەیە.

### بەشداریکردنی نوێنەرانی یاسایی

**ئامادەنەبوون لە دادگاییەکان**

18% ئەو کەیسانەی کە پێداچوونەوەیان بۆ کراوە

7% ئەو کەیسانەی چاودێریکراون

**کشاندنەوەی داواکارییەکان**

2% ئەو کەیسانەی کە پێداچوونەوەیان بۆ کراوە

5% ئەو کەیسانەی چاودێریکراون

**داواکاری بۆ زیانەکان**

80 ئەو کەیسانەی کە پێداچوونەوەیان بۆ کراوە

78% ئەو کەیسانەی چاودێریکراون

## .10 ئامادەبوون/بەشداری گشتی

**دەستڕاگەیشتنی گشتی بە دادگاییکردنەکان:**

یاسای هەرێمی کوردستانی عێراق (لەوانەش دەستووری عێراق و یاسای تایبەت بە هەرێمی کوردستانی عێراق) گەرەنتی دەستڕاگەیشتنی گشتی بۆ دادگاییکردنەکان دەکات، ئەگەرچی هەندێک سنووردارکردنی تێدایە لەسەر بنەمای دەستەبەرکردنی ئاسایش و ئارامی گشتی.

**ئاڵنگاریی بەردەم ڕێکخراوەکانی کۆمەڵگەی مەدەنی:**

سەرەڕای گەرەنتی یاسایی، ڕێکخراوەکانی کۆمەڵگەی مەدەنی وەک لایەنی سێیەم لە دادگاییکردنەکاندا بەشدارییان پێ نەکراوە.

**ڕۆڵی کۆمەڵگەی مەدەنی:**

ڕێکخراوەکانی کۆمەڵگەی مەدەنی دەتوانن ڕۆڵێکی گرنگ بگێڕن لە هەوڵەکانی دژە گەندەڵیدا بە ئامادەکردنی ڕاپۆرتی لێکۆڵینەوە و پشتیوانی لە لێکۆڵینەوەکان. بەڵام هاوکاری نزیکتر لە نێوان ڕێکخراوەکانی کۆمەڵگەی مەدەنی و دەوڵەت پێویستە.

# ڕاسپاردەکان

بـۆ حکومەتـی هەرێمـی کوردسـتان و عێـراق و ئەنجومەنـی دادوەری و سـەندیکای پارێزەران و کۆمەڵگـەی مەدەنـی و نێودەوڵەتی:

- دامەزراندنی دادگای تایبەتمەند بە کەیسە گەورەکانی گەندەڵی.
- مۆدێرنیزەکردنـی یاسـای سـزادان بـۆ ئـەوەی لەگـەڵ پێداویسـتییە هەنووکەییـەکان و سـتانداردە نێودەوڵەتییەکانـدا بگونجێـت )بـۆ نموونـە بەرتیـل لـە کەرتـی تایبەتـدا(.
- پەسـەندکردنی یاسـا و سیسـتەمێک بـۆ پاراسـتنی ئاشـکراکەران، هەواڵـدەران، شـایەتحاڵان، شـارەزایان و قوربانیـان.
- سـنووردارکردنی دەسـەڵاتی سەرپشـککردنی دامـەزراوە بەرکەوتووەکانـی گەندەڵـی لـە دوورەپەرێزبـوون یـان لـە کشـاندنەوەی داواکانـی قەرەبـوو.
- بەهێزکردنی چاودێری لە کەرتە بەرکەوتووەکانی گەندەڵی و گرتنەبەری ڕێوشوێنی چارەسەر.
- چاکسازی لە ڕێوشوێنی تاوان بۆ باشترکردنی تواناکانی لێکۆڵینەوە.
- جێبەجێکردنـی سیسـتەمی بەڕێوەبردنـی کەیسـی ئەلیکترۆنـی بـۆ خێراکردنـی ڕێوشـوێنەکان وئاسـانکردنی کۆکردنـەوەی بەڵگـە.
- ستانداردکردنی سیاسەتی کاری حوکمدان.
- بەهێزکردنی سەربەخۆیی دارایی و کارگێڕی فەرمانگەی داواکاری گشتی.
- پاڵپشـتیکردنی ئـەو دەستپێشـخەرییانەی توانا دەدەنـە لایەنـە مەدەنییـەکان تـا بەشـداری لـە چالاکییـە فراوانەکانـی دژە گەندەڵیـدا بکـەن.
- ڕێکخـراوە نێودەوڵەتییـەکان پشـتیوانی لـە هەوڵەکانـی دەوڵـەت بکـەن لـە بونیادنانـی میکانیـزم و چوارچێـوەی کاری یاسـایی بەهێـز بـۆ گەڕاندنـەوەی موڵـک لـە ڕێگـەی هـاوکاری نێودەوڵەتـی و ناوچەیـی.